www.kurdistannet.org
31-8-2006 1:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## 31 نەفرەت بۆیۆبیلی تەنەکە ... ئاوات مەسیفی

کۆچکردن لەسەریکەوە ئاوارەبونە، لە سەرەکەی تریشەوە چۆلکردن وکاولکردن لە د وای خۆی جێ دێلێ، کاتێک زۆربەی زۆری هاولاتیان بە هەر هۆیەکەوە زێدی بابو باپیرانیان جێ دەهێلن دیارە کە فشارێک هەیە یا هۆکارێکی کاریگەرو ئامرازێکی پێ بارکەرلە ئارادایە، دە نا ئەمە روناداوت خەلکانێک کاتێک ئاوارە دەبن حەزدەکەن هەردەم دونیا ئالۆزو پشێوی تێ بکەوێت نەک بە ئارامی بژین! بۆ؟
چونکە حەزو ئارەزوی ئەو خەلکە سەرچاوەی لەوەوە گرەتوە، کاتێک دونیا ئارام دەبێ و ئەوان لە نا ئارامی دادەژین لە وە دەترسن ئیتر دۆخەکە بەم شێوەیە سەقامگیر بێ وئەوانیش ئەوها لە نائارامی ونارەحەتیدا بمێننەوە، ئەوە وا لەو خەلکە ئاوارەو لێ قەوماوە دەکات برواو قناعەتێکی وای لا دروست بێ کە بەگۆرانکاری شانسی گەرانەوەیان زیاتر بێ نەک بە بەرقەرار بونو سەقامگیر بونی بارو دۆخەکە بەو شێوەیەی کە هەیە.
ئە وەبو بەر لە راپەرین چونکە گەلی ئێمە ئاوارەو لێ قەوماوی ئەوەندە هەبو تروسکایی موژدەی ئازادیان لە وەرچەرخانو تێک هەلچونی ناوچەکەدا بەدی دەکرد، لە ئەنجامیش معادەلەکە هەر وا بە ئەنجام گەیشت. گەر سەدام هێرشی بۆ سەر کوێت نە بردایە بەلگەو پاساوی نەدابایە دەست ئەمریکاو هێزەکانی هاوپەیمان، ئەوانیش هێرشیان بۆسەر سەددام نە دەهێناو ئەوەی رویدا روی نەدەدا.
داخوازیی خەلکی مەسیف بە گۆران وجاری واش هەیە بە تێکچونو لەدەست دانی بەشێک لەدەستکەوتەکان سەرچاوەیان لەم بۆچونانە وەرگرتوە، کورد وتەنی بەهەشتێک بۆمن نەبێ (پەرژین بێ) با کەری تێ بگەوزێ، بە من چی.
ئەو خەلکە گۆرانێک دەخوازن بەلکو لەم گۆرانە ئەوانیش بە زێدی باب و باپیرانیان شاد دەبنەوە، ژانی ئاوارەیی لای هەمو گەلی کورد ئاشنایە بەلام ئاوارەیی ودەربەدەریەک هاوخەم و هاو سۆزت نەبێ دەردی گەلێ گرانترە.
لەئامارێکی تۆری ئەنتەرنێتا دەرکەوتوە کە لە70 %دانیشتوانی حالی حازری مەسیف لەدوای راپەرینەوە هاتون و لەوێ نیشتە جێ بوین، دەبێ ئەمە لەکام شارو ولات لەکام هاوشێوەی هەبێ؟ بێ ئەوەی هیچ ویژدانێک نوقەی لێوە بێ، بۆ ئێمەی خەلکی مەسیف ئەمە جۆرێکە لە شالاوی گۆرینی دیموگرافیەتی ناوچەکە جۆرێکە لە ئەنفال، شارێک بە هەمو مێژوو سەروەریەکانیەوە بە بارزانیی کەیت دەبێ چ ویژدانێک لەدونیا هەبێ چاوپۆشی لێکردنی بە کارێکی سادەو رۆتین بزانێ؟ گۆرینی داب ونەریتی ناوچەیەک لەروی کەلتور ورەوشت وسیما وە لوتکەی داگیرکردن وسرینەوە ناسنامە یە، گۆرینی ناسنامەی ناوچەیەک بەهەمو شێوەکانیەوە لەکارە کۆکوژیەکانی سەردەم دەژمێردرێت، لێ بێدەنگ بون بە ناعەدالەتی سەردەم دەژمێردرێت، هەمو کارێکی درندەیی سنورێکی هەیە ئەم کارە درندەیەی ئەمانیش دەیکەن دلنیام بە سنوری خۆی دەگات.
لە ئامارێکی تری تۆری ئەنتەرنێتا دەرکەوتوە کە لە 40% خەلکی رەسەنی مەسیف لەدوای راپەرین لە سەر زێدی خۆیان لە مەسیف یا دەرکەوتون یا وەدەرنراون.
من لە ویژدانی دونیا دەپرسم ئایا دەکرێ خەلکی مەسیف ئەم راپەرینە بەراپەرینی خۆیان بزانن؟ یا دەبێ چاوەروانی راپەرینێکی تر بن؟کە ئەوانیس لە سایەیەوە بگەرێنەوە سەر مولک و مالو کەسو کاری خۆیان و بە ئازادی لەگەل یادەوەریەکانی مندالیان بە کوچەو کۆلانەکانیان شادببنەوە؟
خەلکانێک کە لەرۆژانی سەرسەختی سەردەمی بەعسی گۆربەگۆردا شەوان ئاشقی تاقو دیوارەکان بون تا بە دروشمی شۆرشگێرانەیان برازێننەوە، هێزە لەبن نەهاتوەکە یان و پێشمەرگە قارەمانەکانیان

مۆلگاو بارەگا سیخورەکانیان لێ کردبونە کونەمشک، کەچی ئەمرۆ لەدورەوە وبە حەسرەتی شارەکەیان سەردەنێنەوە، من لەو داگیرکەرانە دەپرسم ئەوانەی ئێستا کەسو کاری شەهیدە سەربەرزەکانیان لە کاسبی وزیندەگی قەدەغەکردون، شەهیدی کێ بو خوێنیان لە بازگەی بەعسو جەیشە ناشەعبیەکان دەرژا؟ شەهیدی کێ بون خوێنیان لە روبەرو بونەوەی جاش ئەکرەک کریم ئاغا دەرژا؟ خوێنی شەهیدی کێ بو لە چیشتخانەی شەعبی لەهێرش بردنەسەر سیخورەکان دا دەرژا؟ شەهیدی کێ بو خوێنیان لە کۆلانەکانی ناوکۆخان و سەرێرەش وبیری ئاوی تاتی ئارمەوان و پردەکەی کۆرێ و لۆفەکانی مەسیف وداستانەکانی قەلاسنج و کۆرێ و بەستۆرە وئارمەوان دەرژا؟... باسی کام داستانی ئەورۆلانەت بۆ بکەم کە ئێستا کردنەوەی بارەگای حیزبەکە یانتان لە مەسیف قەدەغەکردوە ئەمە کام ئازادی وکام دیموکراسی یە ئێوە باسی لێوە دەکەن؟ ئەگەر ئێوە خۆتان بە خاوەنی کورد دەزانن ئەوا ئێمەی مەسیفیش خۆمان بەکوردەزانین، دەفەرمون وەلامی ئەم نامەو راستیانەم بدەنەوە با لە ئێستاوە تا ئەو کاتەی ئێوە دەخوازن من باس لە زولم و زۆریەکانتان بکەم ئێوەش زاتی ئەوە بکەن وەلام بدەنەوە باراستیەکان لە خەلکی کوردستان ون نەبد، من دەزانم ئێوە پاساوی وەلام نەدانەوەتان چی یە، بەلام هەر شتێ بێ بێ دەنگیتان نیشانەی راستگۆیی ئێمەیە، ئێمەش سۆزمان بە میلەتی خۆمان داوە تا ماوین هەر دەبێ قسە بکەین و پەردە لەسەر راستیەکان هەلمالین هەر دەرفەتێکیشمان بۆ برەخسێ قسەی خۆمان دەبێ.

سەیرێکی عێراقی عەرەب کەن لەکام بستۆکی عێراقدا سەردەمی پاوانکاری ماوە؟ تەنها لای ئێوە نەبێ، نازانن ئەم جۆرە رەفتارانە رۆژانی بەسەرچوە؟ ئێوە بەنامۆیی ماونەتەوە؟، لە نەجەف وکەربەلا بارەگای حیزبە ئیسلامیە سونە مەزهەبەکان کراوەیە، سەرەرای ئەوەی رۆژانە بەدەیان وبەسەدان لەیەکتر دەکوژن، لە بەرتلەی مەسیحی نشین دا سەیری بارەگای ئەنجومەنی شورشی ئیسلامی کەن، لە کام شوێن کردنەوەی بارەگاتان لێ قەدەغەکراوە؟تەنانەت لە قەلاچۆلان و خواروی عێراق وهەمو کونجێکی عێراق دەتوانن شوێن بۆ خۆتان دەست نیشان کەن و بیکەن بە بارەگا، ئەوەی بۆ ئێوە حەلالە چی وایکردوە بۆ خەلکانێک حەرام بێ؟ لەگەل ئەوەی ناگەنە ئەژنۆێ بەژنی خەباتی خەلک؟

2006-08-31